

# باڵەی کچانی ئەکاد دەتوانێ پارێ

**تیپی باڵەی کچانی یانەی ئەکادی شارۆچکەی عەنکاوە، ماوەی چەند ساڵێکە دامەزراوە، ساڵی رابردوش بووە پاڵەوانی خولی کچانی نایابی یانەکانی کوردستان، بۆ وەرزی ئەمساڵیش یانەی ئەکاد توانی نازناوەکە بباتەوە شارۆچکەی عەنکاوە، ئێستا لە خۆئامادەکردنە بۆباڵەی یانەکانی عێراقی بەڵێنشیان داوە ئەم نازناوەش بۆخۆیان ببەن، گۆڤاری گوڵان لە شارۆچکەی عەنکاوە ئەم راپۆرتەی ئامادەکرد.**

سەرەتا (مونیرئیسحاق)راهێنەری تۆپی باڵەی یانەی ئەکاد لە بارەی ئاستی یاری باڵەی کچان لە یانەی ئەکاد وتی «لە راستیدا ئێمە وەکو یانەی ئەکاد گرنگیەکی تایبەت بە یارییەکانی کچان دەدەین، هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتیمان نییە، رێگری لەکچان بکات، بۆئەوەی لە وەرزش داببڕێن، یاری باڵەش گرنگی باشی پێ دەدەین، بۆیە ئەمە دووساڵە پاڵەوانی کوردستانین، وتیشی پێویستە لەسەر یەکێتیە وەرزشیەکان زیاتر گرنگی بە یارییەکانی کچان بدرێت، بۆئەوەی ئاستی وەرزشی کچان بەرز بێتەوە، بۆنموونە خولی کوڕان لە یاری باڵە خولی دورودرێژی بۆدەکرێتەوە، بەڵام بۆکچان بەپێچەوانەوە خولێکی پێنج رۆژیان بۆدەکرێتەوە، هەموو تیپەکان بۆیەك ساڵ بۆ دوو رۆژ خۆیان ئامادە دەکەن، وتیشی ئەگەر بمانەوێ وەرزشی کچان پێش کەوێت، دەبێت هۆڵی تایبەت بۆکچان بکەینەوە و کادیری راهێنەری پسپۆری بۆکچان دابین بکرێت، لە کۆمەڵگەش پشتیگری بکرێت، وتیشی ئێمە وەکو یانەی ئەکاد تەنیا کێشەی دارایمان هەیە، ئەگەرنا هیچ کێشەیەکی ترمان نییە، بەڵێنیش دەدەین ببینە پاڵەوانی عێراقیش ئێستا کە خۆمانی بۆئامادە دەکەین.

(دکتۆرسائیر عەبدول ئەحەد)سەرۆکی یانەی ئەکاد لەبارەی ئاستی وەرزشی کچان بەتایبەتی باڵە وتی «ئێمە گرنگیەکی باش بە یارییەکانی کچان دەدەین، ئاستی وەرزشیمان زۆر بەرزە، هەر چەندە لە تموعی ئێمەش نییە، چونکە ئێمە دەمانەوێ هیچ تیپێك نەبێت لە کوردستان و عێراق ململانێ مان بکات، چونکە ئەوە مافێکی سورشتی خۆمانە، چونکە وەرزش ململانێەکی شەریفانەیە، دەبێت رۆژانەش هەموو تیپێك مەشقی بەردەوام بکات، بۆئەوەی ئامانجەکانیان بێتە دی، دەبێت سەربازگەی مەشقیان بۆئەنجام بدرێت، لەدەرەوەی وڵات، چونکە لێرە تیپی کچانی یانەکانی کوردستان ژمارەیان کەمە، چونکە تەنیا کاریان مەشق کردنە، وتیشی کچانی ئیمە زۆر بێزارن لە مەشقی بەردەوام بەبێ بوونی پاڵەوانەتیەك، هۆکاری ئاست بەرزی یانەی ئەکادیش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێمە لەدەستەی کارگێڕی پێوەندیەکی کۆمەلایەتی بەهێزمان هەیە، لەگەڵ خانەوادەی یاریزانەکان، ئێمەساڵانەش ئاهەنگێکمان هەیە لە یادی دامەزراندنی یانەکە بۆتەواوی خانەوادەی یاریزانەکان بۆلێکتر نزیك بوونەوەیان، وتی یانەی ئەکاد تەنیا کێشەی نەبوونی پارەی هەیە، ئێمە گلەیمان لەکەس نییە، چونکە بودجەمان هەیە لە حکومەتی هەرێم، بەڵام دەبێت یانەکان سەرچاوەی پارەیان هەبێت و پشت بەخۆیان ببەستن، وەربەرهێنانینان هەبێت، بۆیانەکە، هەر چەندە لەگەڵ چەند رێکخراوێ: پەیوەندیمان هەیە بۆهاوکاری کردنی یانەکەمان لە داهاتوو چەند پرۆژەیەکمان هەیە بۆباشتر بوونی توانای دارایی یانەکە، وتیشی ئێمە گرنگی بە هەموو بەشەکانی







# ــــزگاری لە هەموو نازناوێک بکات

یانەکەمان دەدەین لە یارییە کان لە یاری بالەش تیپەکەمان پالەوانی کوردستانە وئێستا هەوڵ بۆنازناوی خولی عێراقی دەدەین.

وتیشی ئێستا هەموو یاریزانێك بە پارە یاری دەکات، بەڵام لای ئێمە وانییە لێرە پارەیەکی کەم دەدەینە یاریزانانی یانەکەمان، مووچەی یاریزانان لە خولی نایاب کە یاری دەکات، ١٠٠هەزار دینارە، بەڵام لە یانەکانی تر زیاتر لە ٤٠٠هەزار دەدەنە یاریزانان، بەلام ئێمە بەنەتەوەیی قسە لەگەڵ یاریزانمان دەکەین. کە ئێمە مەسیحین و نەتەوەیەکی بچووکین و ناوچەکەمان بچووکە.

(سانا سالم) یاریزانی بالەی یانەی ئەکاد وتی «بەراستی یانەی ئەکاد گرنگیەکی تایبەت بە یاری بالەی کچان دەدات، یارییەکانی تریش لە یانەی ئەکاد جێی خۆی کرۆدتەوە، ئێمەی کچانی یانەکەش لە یانەکە زۆر پشتگیرمان دەکەن، دەمانەوێ ئەو یانەیە بگەیەنینە لوتکەی یانەکانی عێراقیش، وتیشی هیچ کێشەیەکی ئەوتۆمان نییە، کە شایەنی باس کردن بێت، تەنیا کردنەوەی خولەکان ماوەیان زۆر کورتە ئەگەر دووردرێژ بێت، باشترە. وتیشی یانەکەمان تاکە یانەیە لەسەر ئاستی کوردستان بەبەردەوام مەشق و راهێنان دەکەین و هیواداریشم کچانی شارەکانی تریش چاو لە ئێمە بکەن بتوانن پشگیری بەردەوام بکرێن، بۆباشتر بوونی ئاستی کچانیان.

(جیهان حیسامەدین) یاریزانی بالەی یانەی ئەکاد وتی «ئاستی وەرزش لە یانەی ئەکاد لەوپەڕی بەرزییە و یانەکەمان بەهاوکاری خانەوادەکانمان گرنگی تایبەتمان پێ دەدەن، بۆئەوەی ئێمە بگەینە لوتکەی یانەکانی کوردستان، رۆژانەش مەشقی بەردەوام دەکەین، بۆئەوەی ئاستی یاریزانانی یانەکەمان دانەبەزێت، بەڵام بەهیوای ئەوەم ماوەی خولەکان بەچەند رۆژێك کۆتایی پێ نەهێنن، ئەگەر بکرێت ماوەی خولەکان درێژ بکرێت، وتیشی یانەی ئەکاد تاکە یانەیە لەسەر ئاستی کوردستان گرنگی بێ وێنە بە کچان دەدات وئێمەش لێرە هیچ کێشەیکمان نییە، تەنیا مووچەکەمان وەکو پێویست نییە و باری دارایی یانەکەمان وەکو پیویست نییە.

(نیشا یونان)یاریزانی بالەی ئەکاد وتی «ئاستی وەرزشی لە شارۆچکەی عەنکاوە زۆر بەرزە، چونکە خەڵکی ئێرە وەرزش دۆستەو گرنگی تایبەتی بە وەرزشە جۆراو جۆرەکان دەدەن، ئێمەش لەلایەن خانەوادەکانمان گرنگی تایبەتیمان پێدەدرێت، یانەکەش گرنگیی باشمان پێدەدات و هیچ کێشەیەکمان نییە لە یانەکە، بەڵکو رۆژانە مەشقی بەردەوامیش دەکەین، بەهیوای ئەوەشم یانەکانی تریش چاو لە ئێمە بکەن و گرنگی تایبەتی بە یاریزانانی یانەکەیان بدرێت، بەتایبەتی کچان زیاتر بێنە نێو بواری وەرزشی. وتیشی ئەگەر ماوەی خولەکان درێژ بێت، بۆ ئێمە زۆر باشە.



## یادی محەمەد یاریزانی تۆپی دەستی یانەی قەڵای تورکمان:

# زۆرم پێ باشە خولەکان وەکو خولی کوڕانی لێبێت

**یادی لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٦شاری هەولێرە و یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکانی تیپی تۆپی دەستی یانەی قەڵای تورکمان، یەکێکە لە گۆڵچیە بەتواناکانی کوردستان، ئەمساڵیش لە خولی تۆپی دەستی یانەکانی کوردستان توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات، ئێمەش بۆ زیاتر ئاشناکردنی بە خوێنەران ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا**



***دەستپێکی ژیانی وەرزشیت چۆن بوو لەکوێ بوو؟**

- سەرەتای هاتنم بۆ نێو بواری وەرزش لەقوتابخانەکان یاریم دەکردو دواتریش چوومە یانەی قەڵا، ماوەیەکی زۆریشە لەو یانەیە خەریکی یاری کردنم.

*** لە کوردستان ئاستی یاری تۆپی دەست چۆن دەبینی؟**

- بەراستی ئاستی یاری تۆپی دەست ئێستا بەرەو پێشچوونی باشی بەخۆیەوە بینیوە، بە تایبەتی لە شارەکانی کوردستان ململانێی باش هەیە بۆ پێگەیاندنی یاریزانانی بەتوانا لەم یارییە، بەڵام هێشتا وەکو پێویست نییە کە ئێمە بمانەوێ ئاستی باشتر بێت، بەڵام خراپیش نییە.

***چی بکرێت باشە بۆبەرەوپێشبردنی ئەم یارییە لە کوردستان؟**

- پێویستە یانەکانی کوردستان زیاتر گرنگی بە ئاستی کچان بدەن و پاڵەوانەتی زیاتریان بۆبکەنەوە یانەکان پشتگیری خۆیان زیاتر بۆئەم یارییە بکەن تاکو ئاستی تیپەکان هەر لەبەرەو پێش چوون بێت، کردنەوەی یاریگای تایبەت بەم یارییە بۆیانەکانی کوردستان سوودی باشی دەبێت.

***کێشە و گرفتەکانتان چین بەگشتی لە یانەکەتان؟**

- هیچ کێشەیکمان نییە، یانەکەمان زۆر پشتگیرمان دەکەن، بەڵام پێویستە یاریگایەکی تایبەتمان بۆدروست بکرێت، چونکە لەسەر یاریگای سەبەتە مەشق دەکەین.

***بەبۆچوونی تۆ چی بکرێت باشە تاکو ئافرەتانی کورد زیاتر بێنە نێو بواری وەرزشی و وەرزش بکەن؟**

- لە هەر شارێك قوتابخانەیەکی تایبەت دروست بکرێت لە گشت یارییەکان کە تایبەت بێت بە ئافرەتان بۆئەوەی کەمێك وەرزشی ئافرەتان بەرەو پێش بچێت.

***هیوا و ئاواتت وەکو کچە یاریزانێك؟**

- هیوادارم بتوانم لە داهاتوودا خزمەتی ئافرەتانی وەرزشکاربکەم و خزمەتی وەرزشی کوردستان بکەم و درێسی هەڵبژاردەی کوردستان لەبەربکەم.

***ئاستی ئەمساڵی خولی تۆپی دەست چۆن بوو؟**

-ئاستێکی باشی هەبوو، یاریزانانی یانەکانیش بە گوڕ و تینێکی زۆرەوە یارییان بۆیانەکان دەکرد، بەڵام بەهیوای ئەوەی بۆ خولەکانی تر یانەکان زیاتر بەشداری بکەن.

***یانەی قەڵای تورکمان هاوکاریتان دەکەن؟**

-کەمتەرخەمیان نەکردووە سوپاسیان دەکەم.

***پێت باشە خولەکان درێژترین باشتر نییە؟**

-بەلێ، زۆر باشترە زۆرم پێ باشە خولەکان وەکو خولی کوڕانی لێبێت، نەك یەك هەفتە یەك خولی گەورە کۆتایی پێبێت.

***خوێندن گاریگەری نەبوو بەسەر وەرزش کردنت؟**

-نەخێر، تاکو خوێندنیشم تەواوکرد، بەرنامەی تایبەتم بۆخۆم دانابوو.

***لە کۆتایی ئەگەر شتێکت مابێت؟**

- هیوادارم زیاتر گرنگی بە وەرزشی ئافرەتان بدرێت لە گشت شارەکانی کوردستان، هۆڵی زیاتر بکرێتەوە تایبەت بێت بە وەرزشەکانی ئافرەتان تاکو بەردەوام بن لە مەشقەکانیان.

# رەنا عەبدوڵئەحەد یاریزانی باسکەی یانەی ئەکاد:

# کێشەی ئێمە ئەوەیە کەوا یانەیەکی بەهێز نییە یارییان لەگەڵ بکەین

رەنا یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی یانەی ئەکادە، ناوبراو لە دایکبووی ساڵی ١٩٨٢ی شارۆچکەی عەنکاوەیە و خاوەن ئاستێکی بەرزە لە یاری باسکە، لە بەسەر کردنەوەیەکدا گۆڤاری گوڵان ئەم دیمانەیەی لەگەڵ ئەنجامدا.



* لە کوردستان ئاستی یاری باسکە چۆن دەبینی؟

- ئاستی یاری باسکە بۆئافرەتان وەکو پێویست نابینم، چونکە خول کەم دەکرێتەوە بۆیانەکانی کوردستان و یانەکانی کوردستانیش پێویستیان بەخۆ ماندوو کردنە.

*ئاستی تیپی باسکەی یانەی ئەکاد چۆن دەبینی؟

- یانەکەمان لە یاری باسکە زۆر باشە و گرنگی تایبەتیشی پێدەدات، بەتایبەتی لە هەردوو ئاستی کوڕان و کچان، چونکە یانەی ئەکاد بناغەی پێگەیاندنی یاریزانی هەیە و یانەکانی تر بناغەی ئەم یارییەیان نییە.

*بۆچی ئێوە تاکە یانەن لە شاری هەولێر گرنگی بە یاری باسکە دەدەن؟

- زۆر حەزدەکەم شاری هەولێر یاری باسکەی کچانی هەبێت، با ئاستیان لاوازیش بێت تەنیا بابەشداری پاڵەوانەتیەکان بکەن، ئەگەر ئاستیان خراپیش بێت ساڵ بەساڵ باش دەبێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە لە شاری هەولێر یاریزان و یانەمان زۆر بێت.

*بەبۆچوونی تۆ بۆچی ئاستی یاری باسکە لە کوردستان وەکو پێویست نییە؟

- چونکە پشتگیری نییە، بۆیاری باسکەی یانەکانیش هیچ شتێکیان نییە بۆئەوەی یاریزان دروست بکەن، پێویستە بناغە هەبێت.

*داواکاری و پێشنیارت چییە بۆلایەنی بەرپرس؟

- پێویستە لەسەریان بەتایبەتی بۆئاستی کچان کاری باش بکەن، بۆئەوەی ئاستیان بەرز بێتەوە و پاڵەوانییەتی ناوەخۆ و دەرەکی بۆیاریزانانی ئەم یارییە دروست بکەن و بیان نێرن بۆ پاڵەوانەتیەکانی دەرەوە تا لەئاستی ئەوان شارەزا ببن، ئێمە لەدەرەوەی عێراق بینیمانە کەوا گرنگی زۆر بەیاری باسکە دەدرێت، بەلام لێرە یەك هەفتە مەشق دەکەین هەفتەی دووەم پاڵەوانەتیەکە بەڕێوە دەچێت.

*هۆکاری چییە لە خولەکانی عێراقی بەشدار نابن؟

-بەهۆی نائارامی شارەکانی عێراقی بەشداری لە پاڵەوانەتیەکان ناکەین، خانەوادەکانمان ڕێگە نادەن بەشداری بکەین.

*دەڵێن کاری ڕاهێنەریش دەکەی لە یاری باسکە؟

- بەڵێ قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانم هەیە.

*هیواوئاواتت وەکو کچە یاریزانێك؟

-هیوادارم ئاستی یاری باسکە لەکوردستان بەرەوپێش بچێت و بەتایبەت بۆ کچان.

*کێشەوگرفتتان چییە لەیانەی ئەکاد؟

- کێشەی ئێمە ئەوەیە کەوا یانەیەکی بەهێز نییە یارییان لەگەڵ بکەین، تەنیا یانەی سەنحاریب بوو، ئەوەش زیاتر تەقلیدیە حەزدەکەین و داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین بمان نێرێتە دەرەو بۆ بەشداری کردن لە پاڵەوانەیەتیەکان.

*حەز ناکەی ژمارەی یانەکانی باسکە زیاتر بکرێت؟

- بەهیوای ئەوەم ژمارەی یانەکانی کوردستان زیاتر بێت بۆ ئەوەی ململانێی زیاتر هەبێت لەنێوان یانەکانی کوردستان.

*یانەکەتان چۆن پشتگیریتان دەکەن؟

-بێگومان باشترین هاوکاری ئێمەن و هیواداریشم بەردەوامبن لە پشتیگری کردنمان.

# بەهۆی لاسایی کردنەوەی فیکەی ناوبژیوان گۆڵچی بەرشلۆنە هەڕەشەی راگرتنی لێدەکرێت




گۆڵچی یەدەگی یانەی بەرشلۆنە لەیاری نێوان هەردوو یانەی بەرشلۆنە و کۆپنهاگن دانیمارك لاسایی فیکەی ناوبژیوانی کردەوە.
لە کردەوەیەکی سەیری ئەم گۆڵچیە، لە چوارچێوەی یارییەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بۆ تۆپی پێی، یاریزانی یانەی کۆبنهاگن سیزار سانتین بە تەنیا بەرانبەر گۆڵ مایەوە لەگەڵ گۆڵچی بینتۆ، بەڵام یاریزانی ناوبراو لە ناکاو لە شوێنی خۆی وەستا بە شێوەیەکی سەیر، هەرچەندە ناوبژیوان هیچ فیکەیەکی لێنەدا، بەڵام گۆڵچی بینتۆ لاسایی فیکەی ناوبژیوانی کردەوە، ئەویش بە بەکارهێنانی پەنجەکانی دەستی بۆ ئەوەی هێرشەکە پوچەڵ بکاتەوە.
بۆ ئەم مەبستە دەستەی کارگێڕی یانەی کۆبنهاگن داوایەکی لەسەر گۆڵچی ناوبراو بۆ یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا بەرزکردەوە بۆ ئەوەی بینتۆ سزا بدرێت، لەلای خۆیەوە یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا بڕیاری دا لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم بابەتە بکات بۆ ئەوەی راستییەکان ئاشکرا بکرێت. جێگەی باسە ئەمە یەکەم جار نییە گۆڵچی یانەی بەرشلۆنە بینتۆ فێڵ لە یاریزانان دەکات، لە چوارچێوەی یارییەکانی پێش کۆتایی جامی شای ئیسپانیا بۆ تۆپی پێی لەنێوان هەردوو یانەی بەرشلۆنە و مایۆرکا، کاتێك ناوبژیوان لێدانێکی سزای بۆ یانەی مایۆرکا ژمارد، گۆڵچی ناوبراو چووە لای ئەم یاریزانە، کە لێدانە سزایەکە جێبەجێ دەکات و پێی راگەیاند کە خۆی بۆ لای چەپ دەهاوێت، یاریزانەکە وایزانی گۆڵچی بینتۆ گاڵتەی پێدەکات راستەوخۆ تۆپەکەی بۆ لای چەپ هاوێشت و گۆڵچی توانی تۆپەکە دووربخاتەوە.

# ڕۆجێر فیدرێر ژمارەی نازناوەکانی لەگەڵ پیت سامبراس وەک یەکە



یاریزانی تێنسی سەر زەوی سویسری رۆجیە فیدرێر توانی نازناوی پاڵەوانییەتی ستۆکهۆڵمی نێودەوڵەتی بە دەستبهێنێت دوای ئەوەی لە یاری کۆتایی توانی لە یاریزانی ئەڵمانی فلۆریان مایر بباتەوە بە ئەنجامی دوو گێمی بێ بەرانبەر.
دوای بەدەستهێنانی ئەم نازناوە ژمارەی نازناوەکانی رۆجیە فێدریر بووە ٦٤ نازناو لەکاتی دەستپێکردنی ئەم یارییە تا ئێستا و توانی بگاتە ژمارەی یاریزانی پێشووی ئەمریکی پیت سامپراس و هەردوو یاریزان لە پلەی چوارەمی ریزبەندی ئەو یاریزانانە دێن، کە خاوەنی زۆرترین نازناوی پاڵەوانییەتیەکانی تێنسی سەر زەوین لە مێژوو، کە تیاییدا یاریزانی ئەفسانەی ئەمریکی جیمی کونورز لەپلەی یەکەم دێت بە بەدەستهێنانی ١٠٩ نازناو و یاریزانی ئەمریکی ئیڤان لیندل بە پلەی دووەم بە کۆکردنەوەی ٩٤ نازناو و یاریزانی ئەمریکی جۆن ماکنرۆ لە پلەی سێیەم دێت بە کۆکردنەوەی ٧٧ نازناو.





# لیستی یاریزانە پاڵێوراوەکان بۆ بەدەستهێنانی باشترین یاریزانی جیهان ئاشکرا کرا

**دوای ئەوەی هەردوو خەڵاتی یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی فیفا و گۆڤاری فرانس فتبۆلی فەرەنسی تایبەتمەند بە بواری تۆپی پێی بووە یەك خەڵات، هەردوو دەزگا بەفەرمی لیستی یاریزانە پاڵپوراوەکانی بۆ بەدەستهێنانی باشترین یاریزانی جیهان (تۆپی زێرینی فیفا) ئاشکرا کرد، لەگەڵ ئاشکراکردنی چەندین خەڵاتی تر.**

لیستی یاریزانە پاڵێوراوەکان بۆ بە دەستهێنانی خەڵاتی باشترین یاریزان:

ئەندریا ئەنیستا، زاڤی هێرناندیز، داڤید ڤیا، ئیکر کاسیاس، چابی ئەلۆنسۆ، سیسك فابریگاس، کارلس پیول (ئیسپانیا)، تۆماس مۆلر، میرۆسلاڤ کلۆزە، باستیان شڤانشتایگر، فلیپ لام، مسعود ئۆزێل (ئەڵمانیا)، ویسلی شنایدر، ئەرین رۆبن (هۆڵندە)، جولیۆ سیزار، مایکۆن، دانییل ئەلڤێس (بەرازیل)، لیونێل میسی (ئەرژەنتین)، کریستیانۆ رۆنالدۆ (پورتوگال)، دیدییە درۆگبا (ساحل ئەلعاج)، ساموێل ئیتۆ (کامیرۆن)، دییگۆ فۆرلان (ئۆرگوای)، ئەساموا جیان (گانا).

لیستی پاڵپورەکان بۆ بە دەستهێنانی باشترین یاریزانی جیهان لەسەر ئاستی ئافرەتان کامی ئەبیلی (فەرەنسا)، بریجیت برینس، فاتمیر باجراماغ (ئەڵمانیا)، سو یۆن جی (کۆریای باشوور)، مارتا (بەرازیل)، کارلوین سیغیر (سوید)، کریستین سینکلیر (کەندا)، کیلی سمیس (ئینگلتەرە)، ئەبی وامباخ، هۆب سوبو (ئەمریکا).

لیستی راهێنەرە پاڵێوراوەکان بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی باشترین راهێنەری جیهان

ئیتاڵی کارلۆ ئەنشلیۆتی (چێلسی)، ئیسپانی ڤیسنتی دیل بۆسکی (هەڵبژاردەی ئیسپانیا)، ئەڵمانی یواکیم لوف (هەڵبژاردەی ئەڵمانیا)، ئوستکلندی سێر ئەلێکس فێرگسۆن (مانچستەر یۆنایتد)، ئیسپانی گواردیولا (بەرشلۆنە)، پورتوگالی جۆزیە مۆرینهۆ (ریال مەدرید)، ئۆرگوای ئۆسکار تاباریز (هەڵبژاردەی ئۆرگوای)، هۆڵەندی لویس ڤان گال (بایرن میونیخ)، هۆڵەندی بێرت ڤان مارفیك (هەڵبژاردەی هۆڵەندە)، فەرەنسی ئەرسین فینگر (ئەرسناڵ).

جێگەی باسە لە هەمان کاتدا لیستی باشترین راهێنەر لەسەر ئاستی ئافرەتان ئاشکرا کرا و وا بریارە لە مانگی ١٢ یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی ئەم لیستە کەم بکاتەوە و تەنیا ناوی سێ یاریزان ئاشکرا بکات بۆ بەدەستهێنانی تۆپی زێرینی فیفا و ئاهەنگی دەستنیشانکردنی باشترین یاریزان لە شاری زیوریخ لە ٢٠١١/١/١٠ ئاشکرا دەکرێت و لەهەمان کاتدا پێکهاتەی نموونەیی جیهان ئاشکرا دەکرێت لەگەڵ دەستنیشانکردنی خەڵاتی بۆشکاش بۆ جوانترین گۆڵ و خەڵاتی یاری خاوێن و خەڵاتی سەرۆکایەتی فیفا.



# یارییە ئاگرینەکان هەڕەشەی دوورخستنەوەی لە ئۆلۆمپیادی لێ دەکرێت

وا چاوەڕوان دەکرێت نمایشی یارییە ئاگرینەکان لە یارییەکانی ئۆلۆمپیاد دووربخرێتەوە، دوای ئەوەی لیژنەی ئۆلۆمپی نێودەوڵەتی چەند پێشنیارێکی لەمبارەیەوە خستە روو، نمایشی یارییە ئاگرینەکان لە زۆربەی پاڵەوانییەتیەکان لەکاتی کردنەوەی نمایش دەکرێت وەکو دیمەنێکی جوان، بەڵام بەهۆی کاریگەری لەسەر ژینگە، وا چاوەڕوان دەکرێت ئەم نمایشە رابگیرێت. سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی سریلانکا هیماسیری فرناندۆ پێشنیارێکی لەمبارەیەوە خستەروو وتی: وا باشترە لە شوێنی یارییە ئاگرینەکان نمایشی تیشکی بەکار بهێنن، چونکە یارییە ئاگرینەکان بەهۆی ماددە زیانبەخشەکانی، کە کاریگەری لەسەر ئاو و زەوی هەیە و هەمووومان بەرپرسیارین لەسەر پاراستنی گۆی زەوی و یارییە ئاگرینەکان کاریگەری زۆری لەسەر ژینگە هەیە و هەوڵدەدین ئەم نمایشە نەمێنێت.

لەمبارەیەوە جاك رۆگ سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی نێودەوڵەتی رایگەیاند: کە ئەم بابەتە رەوانەی لیژنەی وەرزشی و ژینگە دەکات بۆ ئەوەی بە تەواوی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم بابەتە بکەن و بریاری کۆتایی لەسەر بدەن.

تا ئێستا لیژنەی رێکخستنی ئۆلۆمپیادی ٢٠١٢ بەفەرمی هیچ لێداوانێکی لەمبارەیەوە نەداوە یاخود ئایا دەستبەرداری یارییە ئاگرینەکان دەبێت لەکاتی کردنەوەی ئۆلۆمپیاد.




بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە : بەرپرسی فایلی وەرزش: ئەحمەد عەزیز
Email: sport@gulan-media.com
rebin1985@yahoo.com
Mobile: 4480386